# خەلاتی نۆبل بۆئاشتی



خەلاتی نۆبل بەناوبانگترینو بەبەهاترین خەلاتە لەجیهان کە بەناویداهێنەرەکەی ئەلفرێد نۆبل ناونراوە،ئەم خەلاتە نرخێکی مادی ومەعنەوی ومێژوویی خۆی هەیە،خەلاتی ئاشتی یەکێکە لەو پێنج خەلاتەی کە ئەلفرێد نۆبل دای نا، ئەویش بە بەکار خستنی سەرمایەیەکی زۆرلە پرۆژەی بەرهەم هێندا کە قازانجە کەی سالانە بدرێت بە و کەسانەی کە لە پێنج بواردا داهێنانی نوێ بۆ خزمەتیمرۆڤایەتیپێشکەشدەکەنوەکبوارەکانی: ئاشتی،کیمیا،فیزیا،پزیشکی،ئەدەب، ئەم خە لاتە ش بە بێ جیاوازی وولات ورەگەز هە موو مرۆڤێک وەری دەگرێت،

ئەم خەلاتەبریتیە لە میدالیا یەکیزێروبڕێکپارەی باش وبروانامەی ڕێزلێنان.

باوکی ئەلفرێد ناوی عمانوئێل نۆبل ئەندازیاری مەدەنی و پسپۆڕی ڕێگاو بان وپرد دروست کردن بوو،داهێنەر بوو لە بواری چۆنیەتی شکاندنی بەردو چیا لە سەر ڕێگاو بان وتونێل،

ئەوسالەی ئەلفرێد لەدایک بوو باوکی ئیفلاسی کرد ،بۆ یە بە ناچاری لە سالی 1837ڕووی کردە وولاتی فنلندا بۆ گەڕان بەدوای کارو دابین کردنی ژیانی خێزانەکەی،بەلام دوایی چوو بۆ پترسبۆرگ لە وێ کۆمپانیایەکی بچووکی میکانیکی دانا، بە هۆی ئەوەی سەر کەوتنی باشی بە دەست هێنا لە دروستکردنی ئەلغامی دەریا توانی گرێبەند لە گەل سوپای ڕوسی ببەستێ ودەست کەوتی مادی باش وەدەست بێنێ بۆ یە خێزانەکەی لە سالی 1842 هێنایە پترسبۆرگ، سوپای ڕوس ئەو کات لە شەڕی ( قرم لە سالەکانی 1856،1853) دابوو لە گەل بریتانیاو فرەنسا، ڕوسیا سودی باشی بینی لە دانانی تۆڕی ئەلغامی دەریایی لە دەریای بەلتیق کە کە شتیە جەنگیەکانی بریتانیا نە یان دەتوانی بگەنە شاری پترسبۆرگ، بۆیەعمانۆئێل میدالیای زێڕینی ئیمپراتۆری ڕوسیای وەرگرت،بە هۆی ئەم داهێنانەوە باوکی ئەلفرێد توانی زۆرترین سەروەت وسامان کۆ بکاتەوە.

دوایی کۆتایی هاتنی شەڕیقرم دەستکەوتی ئابوری عمانوئێل باش نە بوو بۆ یە لەسالی 1862گەڕایەوە بۆ سوید ولە ستۆکهۆلم جێگیر بوو کۆمپانیایەکی دانا ئەلفرێدیش کاری لە گەل دەکردوتوانیان بڕێکی زۆر مادە ی نیتروجیلسرین دروست بکەن کە ئەم مادە یە زۆر بە هێزە بۆ تەقینەوە، بەلام لەسالی 1864 کارگە کە تەقیەوەو زیانێکی زۆری پێگەیاندن کە بوە هۆی کوشتنیبرا بچوکی ئەلفرێد بەناوی ئەمیل وچوار لە کیمیا گەرو کرێکارەکانی کارگە ئەم کارەساتە کاریگەری زۆری لە سەر ئەلفرێد بە جێ هێشت.

ئەلفرێد نۆبل ئەندازیاروکیمیازانی سویدی لە 1833،10،21 لەستۆکهۆلم لەدایک بووە،باوکی ئەلفرێد عمانۆئێل گرنگی باشی بە مندالەکانی دا ئەویش بە دانانی مامۆستای تایبەت بۆ خوێندن و فێر بونی زانستەکانی سروشت وکیمیا وزمان وئەدەب. ئەلفرێدلەحەڤدەسالی زمانەکانی سویدی،روسی،فڕەنسی،ئینگلیزی،ئەلمانی دەزانی، زۆرتر خولیاوئارەزووی لە ئەدەبی ئینگلیزی بوو، توانای شعر نوسینی هەبوو ،بەلام باوکی حەزی بەوە نەدەکرد دەی ویست کوڕەکە شی وەک خۆی ببێ بە ئەندازیار ،

بۆ  مەبەستی خوێندن ناردی بۆ وولاتەکانیسویدو ئەلمانیاوفرەنساوووولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،ئەلفرێد لەم گەشتەیدا توانی لە بواری کیمیاوئەندازیاری بخوێنێ وباش خۆی پێ بگەیەنێ، لە گە شتە کەی دا بۆ فرەنسا چوو بۆ کارگەی کیمیایی زاناو پرۆفیسۆر نیلۆز بۆ سود وەرگرتن لە بواری کیمیایی، چاوی کەوت بە زانای ئیتالی اسانوی سوبریرو،لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چاوی کەوت بەزانای سویدی جوزا اریکسون بە بینینی ئەوانە ئەلفرێد سودی زۆری بینی لە ئەزموون وداهێنانەکانیان لە بواری کیمیا .

لە سالی 1866 ئەلفرید توانی سەر کەکەوتنی باش بە دەست بێهنێت و  داهێنانی دینامێت ڕابگە یەنێت، داهێنانە کەی دانی پێنراو ڕێگەی کارکردنی پێدرا، ئەلفرێد زیاتر لە بیست وولات کارگەی دروستکردنی دینامێتی دانا، کۆمپانیاکانی دروستکردنی بیناوتونێل وڕێگاو هێزی سەر بازی سودیان لێ بینی، بە کار هێنانی دینامیت بە هەمووجیهان دا بلاوبۆوە، توانی زۆرترین سەروەت وسامان کۆبکاتەوەو ببێت بە یەکێک لە دوەلەمەندەکانی جیهان،  داهێنەرو شای تە قەمەنی جیهانیان  پێ دەگووت.

ئەلفرێد کەوتە بەر هێرش و ڕەخنەی توندی ڕۆژنامەنووسان بە داهێنەری مردن ناودەبرا، دەیانگووت ناوبانگ و سامانەکەی بە تەقەمەنی پەیداکردووە  کەبۆشەڕومالوێرانکردنومەرگی مرۆڤ بەکاردێت،ئەم نووسین وڕەخنانە ئەلفرێدیان دلتەنگ کرد چونکە ئەو ئەم داهێنانەی بۆخزمەتکردنی مرۆڤ لە بوارەکانی دروستکردنی ڕێگاو بان وتونێل وکارئاسانی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان ژیان و خۆشی مرۆڤ داهێنابوو کە چی بینی بۆ لەناوبردنی مرۆڤ لە شەڕگەکان بەکار دێت وخراپ بەسەری داشکاوەتەوە، بۆ یە بڕیاری دا بە تەرخانکردنی بڕێکیزۆرلە سامانەی بۆخۆشگوزەرانی مرۆڤ، بە پێ ی ئەو وەسیەتنامەیەی کە لە پاریس لە سالی 1895 نوسیویەتی، لە وەسیەتنامە کەیدا بڕێکی سامانەکەی بە خشی بە برادەرو کە سە نزیکەکانی، زۆرترینی سامانەکە شی لە پڕۆژەی بەرهەم هێن دا بە کار خست بۆ دەستکەوتنی قازانج، قازانجی سەرمایەکەی سالانە کردە دیاری بۆ ئەو کە سانە داهێنانی نوێ سالانە پێش کەش بە مرۆڤایەتی دەکەن لە بوارەکانی کیمیا و فیزیا وپزیشکی وئاشتی وئەدەب، دیاریەکە ش بە ناوی خەڵاتی نۆبل بە ناوی خۆی ناونرا، ئەم خە ڵاتە ش بە بێ جیاوازی ڕەگەزو وولات دەبێ دابەش بکرێت بە سەر هەر کە سێک لەم پێنج بوارەدا خزمەت بکات و داهێنانی نوێ ی هەبێ.

ئەلفرێد لە 1896،12،10 لە شاری سان ریمۆیئیتالیا کۆچی دوایی کرد، بۆ یەکەم جار پێنج سال دوای کۆچی دووایی ئەلفرێد نۆبل ئەم خەلاتە لە سالی 1901 دابەش کرا درا بەو کە سانەی خەلاتەکەیان پێبڕا, سالانە لە ڕۆژی کۆچی دوای ئەلفرێد کە دەکاتە 12،10 خەلاتی نۆبل دەبەخشرێ بەو کەسانەی براوەن و شایستەی خەلاتەکەن.

خەڵاتەکانی کیمیا،فیزیا،پزیشکی،ئەدەب، بە ئامادەبونی مەلیکی سویدوکە لە پەیمانگای سوید دەبەخشرێ،خەلاتی ئاشتی لە هۆلی ئەنجومەنی شاری ئۆسلۆی نەرویج بە ئامادەبونی مەلیکی نەرویج دەبەخشرێ،لە مەراسیمی دابەشکردنی خەلاتدا ئا هەنگێکی شایستە سازدەکرێ وخەلکانێکی زۆر ئامادە دەبن لە کەسایەتیوناوداران و پەرلەمانتارولێپرسراوانی حکومی وولاتی سوید ونەرویج، خە لاتە کە بریتیە لە میدالیایەکی زێڕ کەڕووەکی وێنەی ئەلفرێد نۆبلی لەسەرە وڕووەکەیتریشی وێنەی مرۆڤی لە سەرە کە تەعبیر لەبوارەکەدەکات کە خەلاتەکەی پێدەبەخشرێ لەگەل بڕوانامەی نۆبل وبڕێک پارە کە سالی 2006 گەیشتبووبەیەک ملیۆن وسەد هەزار دۆلار.

لە سالی 1901بۆ یەکەم جار دووکەس خەلاتی ئاشتیان وەر گرت

به هاوبەشی :

یەکەم/ فردریک باسی ئابوری ناسی فەرەنسی لە 1822،5،20 لە پاریس لەدایک بوو،لە سالی 1867 دەستەی جیهانی بۆ ئاشتی وئازادی دامەزراند، لە سالی 1872ڕێکخراوی برایانی ئاشتی فەڕەنسی دامەزراند،لە سالی 1901 لە گەل جان هنری دونانتی سویسری خەلاتی نۆبلیان بە نیوەیی وەرگرت،لە 1912،6،12 لە فرەنسا کۆچی دوایی کرد.

دووەم/ جان هنری دونانت لە 1828،5،8 لە جنێف لە دایک بوە،
گەورەبازرگانی سویسری بوو لە سالی 1863 خاچی سوری دامەزراند، یەکەم کەس بوو لە سالی1901 کە خەلاتی نۆبلی ئاشتی بە هاو بەشی لەگەل فردریک باسی فرەنسی وەرگرت،
لە 30،10.1910 کۆچی دوایی کرد.

یوسف مەنتک/ئەلمانیا

تێبینی/ خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی پەرتوکێکە به زنجیره وەرگرانی لە ڕۆژنامەی هەولێر پۆست بلاو دەکرێتەوە.